# *من ئێستاش هەر گومانم هەیە و تێناگەم : ئایە کیژەکان چۆن بەرەنگاری ئەو ژیانە ببنەوە کە لە ڕاستیدا خۆی ئاگرەو پەرژینەکەشی لە دڕک و دوژمن و ئاژەڵە گۆشت خۆر و مۆخ خۆرەکانی ژیان پێک هاتووە!*
# *من تێناگەم*

**سارا عومەر،دانمارک**
**2006/6/5**
***Xozga86@hotmail.com***

من تێناگەم... گەر ( نازەنین ) لە پێناوی پاراستنی ناسکترین شەرەفدا پەتی سێدارەی لە من بنێن ، ئەی کەواتە
چۆن ئەو کیژە جوانانەی تر سڵ لە خۆیان نەکەنەوە ؛؛!
لە نووسێنێکی شەرەفمەندانەی هاوڕێ و دڵسۆزم ( خاتو کەژاڵ ئیسماعیل ) بە ناونیشانی ( زوڵم تا ڕادەی لە سێدارەدان ) ڕستەیەکی هەرگیز نەکراوو لە هەمان کاتدا هەمیشە زیندوم بینی کە لە ئاستی پیرۆزیدا هێور هێور فرمێسکی ئاڵی لە گۆشەی چاوەکانمدا سەر شێت دەکرد.. *مرۆڤ کۆیلەی مرۆڤە، گەر مرۆڤەکان کەڵبەی پیسیان دڕندانە نەنایەتە گۆشی یەکدی، ژیانێک بەردەوام دەبوو !*. نەم دەزانی بە فرمێسکێک ماچی ڕوخساری پاکی سەربەرزی ( نازەنین ) بکەم. یان بڵێم کەژە گیان، ئەی جوانترین دایکی تەرزە و وەرزی بەهار با هەمومان وەک جەنابت لە پێناوی سەربەرزیدا لە پێناوی مافو دابو نەریتە سەرلێشێواوەکەماندا دەنگمان هەڵبڕین و هەمان ووتەی تۆ بڵێینەوە:
*هاوڕێم بێدەنگ مەبە... سێوە کرمێیەکان فڕێ بدەو .. چاوی ڕەشی پەنجەرەکان پڕ بکە لە نوور !!*

دیسان من تێناگەم ... گەر پروانینە گەورە پیاوان و ئەو بەڕێزانەی خۆیان بە شت ئەزانن و ئەڵێن پیاو ماقوڵین و لە مەجلیس و کۆڕەکاندا لەگەڵ خوتبەی قسە زلەکانیاندا دەڵێن : *کەسێک پێی دەڵێن ئافرەت ... کەسێک پێی دەڵێن شیر پاک .. کەسێک پێی دەڵێن سەربەرزی و شانازی خێزان و کۆمەڵگا... کە لە کاتێکدا ئەو مرۆڤە ئامادەیی تێدا بێت بەرەنگاری هەمو کەڵبەی گورگو سەگێک ببێتەوە !*
ئەی کەواتە ( نازەنین ) کێیە ؛؛ بەڵێ، نازەنین کەو کیژەیە کە تەنها بە تەمەن ساڵێک جیاوازی هەیە لەگەڵ مندا ! ئەو کیژە نازدارەیە کە بە کردار بەرەنگاری جەستە خۆرەکان بۆتەوە بۆ پاراستنی لەشی پاکی خۆی ! نازەنین ئەو کیژەیە کە دڵنیام زۆربەی کیژە هاوتەمەنەکانی فرمێسکی دوری و میهرەبانی بۆ هەڵ ئەڕێژن ... نازەنین ئەو کیژەیە کە شایستەیە پەیکەری نازدارترین و زیندووترین ژیرە کچی بۆ بەکرد بدرێت ! ئەو نموونەی کچانە، ئەو وێنەیەکە هەردەم دەبێت شانازی پێوە بکرێت و سوێندی پێ بخورێت. لە گشت شوێنە گشتیەکاندا وێنەکەی هەڵ بواسرێت، تا پیاوە چڵێسەکان بزانن ئێمەی ئافرەتێش، کە هەردەم بە *زەعیفە* ناو دەبرێیین پیرۆزین و مافی خۆمانە بەرەنگاری گشت یەکێک لەو کۆمەڵگایانە ببینەوە کە ئەو مەخلوقە پیرۆزە بە گەورەترین دووژمنی دەژمێردرێت.
لە ڕاستیدا گەر ئافرەتیش نەبێت ئەو جوان کوژانە ناتوانن تەنانەن شیوی دەمەو ئێوارانیش ئامادە بکەن، گەر کردیشیان خۆ هەرگیز هەمان تامی نابێت. گەر ئەو کیژو ژنە جوانانە نەبێت ژیانیان زۆر لە ژیانی نازەنین ئاڵۆزتر و ناهەموار تر دەبێت، بۆیە تکایە بیهێننە بەر چاوی خۆتان و بیرێک لەو کردارانە بکەنەوە کە ڕوبەڕوی ڕەگەزی مێینەی دەکەنەوە لە هەمو کۆمەڵگایەک لە دونیادا !

من ئێستاش هەر گومانم هەیە لەوەی کە  تێناگەم ئایە کیژەکان چۆن بەرەنگاری ئەو ژیانە ببنەوە کە لە ڕاستیدا خۆی ئاگرەو پەرژینەکەشی لە دڕک و دوژمن و ئاژەڵە گۆشت خۆر و مۆخ خۆرەکانی ژیان پێک هاتووە!

لە کۆمەڵگای کۆنە پەرستی وهەمیشە مافی ئافرەت پێشێل کراودا ئاشکرایە، کە گەر کیژێک بەر لێشاوی نینۆکی پیسی نامۆسو شەرەف ببێتەوە لە ئەنجامدا بە هەر فرت و فێڵك بێت لەبەرد بێدەنگ تری دەکەن و دەیکەنە قوربانی فیشەکێک یان قسە و قسەڵۆکی خەڵکی!  کە لە ڕاستیدا ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە ڕەفتارانەش وەک بەرامبەرەکانیان مرۆڤن و لە هەمان کاتتدا  هیچ کامێکیان دڵسۆزیان تێدا نیە بۆ بەرامبەرەکەیان و بە خوێنی سەری یەکدی تینوون !

هەر وەک و گەورە فەیلەسوفی دانیمارکی کیرکە گۆر لە دێڕێکدا دەڵێت *: ئێمە لە سەرەتاوە بە کۆمەڵێک فەرمانی سەرمۆرەوە بۆ دۆزەخی ژیان نێردراین*

ئەی کەواتە کام لەو کیژانە دەبێت ترس و خۆفی پەتی سێدارەی نەبێت ؛؛؛!! ئەو کیژانەی، کە هەر لە سەرەتای هەتنە دنیایانەوە بە جوێن و، ووشەی ناشرین و ،خێزانێک لە دۆزەخ پەروەردە دەکرێن و لە ئەنجامدا ژیانی ڕابردوی دەبێتە گەورەترین کاریگەر، بۆ ئەنجامدانی هەموو جۆرە کردارێک کە هەست بکات هەست و ویژدانی خۆی پێ ئاسودە دەبێت و، لە تەنها هاتنە دەرەوەیەکیدا دەیەوێت فریا بکەوێت ئەوەی ئازاری دەدات فەرامۆشی بکات ؛؛؛!!

یان ئەو کیژانەی وەک ( نازەنین) سەری خۆیان کز دەگرن و لە بەڵا و موسیبەتی دونیا بێزارن و بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیان و شان و ناوچاوانی خێزانەکەیان هانا دەبەنە بەر بەرەنگار بونەوە . کە لە ڕاستیشدا مافی خۆیەتی ئەوەی پێی دەکرێت بیکات؛؛ گەر ئێمە تەنها بیر لە ویژدان بکەینەوە و بە شێوەیەکی زانستیانە شیکاری بکەین، دەبێت پێش هەمو شتێک لەوە تێبگەین کە مرۆڤ لە کاتی بەرەنگاری خۆیدا دەبێت بەخشیش بکرێت نەک لە سێدارە بدرێت !

من لێرەدا کۆتای دەهێنم بەم چەند ووشەیە، بەڵام هەرگیز لە ناخمدا کۆتایم پێ نەهێناوە ! مرۆڤ گەر مەبەستی بێت لە ڕاستی بونی خۆی و کردارەکانی چواردەورەکەی تێبگات دەبێت هەمیشە دەمی پر بێت لە پرسیار! مرۆڤی ژیر ئەو مرۆڤەیە کە نە لە کردنی پرسیارەکان سڵبکاتەوە و نە وەڵامەکانیش بکاتە کۆسپ بۆ دروست کردنی دونیایەکی پاک! بۆیە گومانم لەوە هەیە و ئەمەوێت تێبگەم: ئەی کەواتە ئەو کەسانەی کە هەر هەمان کۆمەڵگە، بە کردار و تەعلیق و ووشە ناخۆشە جەرگ پرەکانی و ڕەخنە هەمیشە کراوەکانی، ڕۆژ بە ڕۆژ و سات بە سات جوانترین گوڵی باخچەکان ئەتۆرێنن، ئەبێت لە چی تێبگەن؛؛

ئەی  ئەبێت دلێ ئەو نازەنینە گوڵانەی، کە بە ڕوخسار بێدەنگن و لە ناخەوە پرن چی بڵێن، کام لە ڕێگاکان هەڵببژێرن کە دوورترین ڕێگا بێت لە ووشە بۆگەنە تۆپیوەکانی کە هەردەم  ئامانجی چەوسانەوەیە بەرامبەر بەو گوڵە جوانە! بەرامبەر بەو باخە پر لە پەپوولەیە کە پێی دەڵێن ئافرەت ؛؛!

بۆیە ئەڵێم ( نازەنین) گیان :

*دلنیابە...*
*گەر گوڵ وەری*
*تۆ هەمیشە*
*خونچەی تازە و ڕەنگی سوری ڕاستیەکانیت*
*گەر خۆر تۆرا*
*تۆ هاودەمی ڕۆژەکانیت*
*گەر ساماڵیش لەگەل ( با) یا ڕێگای ون کرد*
*تۆ هەمیشە پیشاندەری ڕێگاکانیت*
*گەر ئێوارەش لیمان تۆرا*
*تۆ مانگە شەوی تابانیت !!!!*
*دڵت نەگری لە پێشچاوی سێدارەدا*
*لە خەڵوەت و ئاوێزانی مردنێکدا*
*لەگەڵ خۆتا تێکەڵی کە هەرچی هەست و جوانی هەیە*
*با خۆش نەبن پێت دوژمنان*

*چاویان کوێر بێ و*
*لە بەرپێتا خەجاڵەت بن پێت یا قورئان!!!*

***نازەنین گیان چاک بزانە...***
***ئەوەی لە نامۆیی بەهارێکدا پایز بێنێت***
***دڵنیا بێت قەت ناتوانێت دڵی هیچ کیژێک بلاوێنێت***